


# مەلەی تەورەکان

## دەنگێ لەتاراوگەوە بۆ نیشتیمان

درەنگ شەوێ , ئۆقیانووسێ بەگشت مەخلوقی ئاوەوە
هانای ژیان بۆ هەسارە دەبا و
نیشتمانێ بەسروشت و هەسارەوە
هاوارێ بۆ قەڵەم دەبا و
ووڵاتەکەی منیش ئەوڕۆ
لەسپی ترین کوشتاری چارەنووس و
لەنێوسپی ترین جەنگدا ,
وە دوی دەنگدا
یەخەی داد و یەخەی ژەهر و
یەخەی بەخت و یەخەی عیرفان دەگرێ !
یەخەی بەورو یەخەی ئاگر
یەخەی هەور و یەخەی هەتاو
یەخەی فڕین و
پەروانە و شۆڕش دەگرێ !!
کەرنەڤاڵە و جەنگە و گرەو
ووڵات دەنگی لەگیا دەوێ
دەنگی لەئاو
دەنگی لەتۆ ,
دەنگی لەمن دەوێ !!
کەرنەڤاڵە و جەنگە و گرەو
ووڵات گێژەڵوکەی دەنگی دەوێ !
لەگوێ بانی ماڵە گوندان
ئەو ڕیحانە و
ئەو نازنازی دەنگی دەوێ !

لەسێبەری پیرە بەردی تەقالادا
ئەو سێبەری خەباتێکی نوێ ی دەوێ !
لەبێستانە تارەکانی ژیان
شەمامەی ڕۆشنایی دەوێ !
لەسەنگەری برسیەتیدا
نانی دەنگ و گوللەی دەنگی دەوێ !
بەیادی شاخ
کوڕی بەور و کوڕی ناو هەلاجی دەوێ !
کەرنەڤاڵە و جەنگە و گرەو
بازی ووڵات , وە بنمیچی ئاسمانەوە
باڵی دەنگ و
باڵی هەڵفڕینی دەوێ !!
سەدەی جەنگە و
سەدەی گرەو
دەی هانایەك
لەم جەنگی چارەنووسەدا نەجاتم بەن
تلم دەن بەودیو گومان و
دڵەڕاوکێ و هەڵلەرزیندا

بەچاوان ئەی ووڵاتی زامار بەچاوان
من وەکو خۆم , هەر ئەمێستا
بەدەمی قەڵەمێکەوە دێمە هانات
بێ جیاوازی شاخ و شاخت
بێ جیاوازی شار و شارت
چەم و چەمت , نان و نانت
بێ جیاوازی لەڕەنگەکان
هەموو شتێ بۆ تۆ
هەر ئەمێستا
دەنگ و فڕینم دەنێرم
باز و ماسی ,
نان و قەسیدەم دەنێرم !
بەچاوان ئەی ووڵاتی زامار بەچاوان
ئەی دایکی من لەسەوزەڵە و لەتاوێر و لەباراناو
ئەی دایکی من لەزریکە و لەگوناھ و لە پەڕۆی ڕەش
دۆش نەتگرێ من ئەمێستا , هەر ئەمێستا
لەم بەحرە غەریبیانەوە
لەم سنووری کفر و گوڵ و باخچانەوە
وەکو ئاوی گۆلاو ,
ئەڕژێمەوە لەشی جۆگەکانت
بەسات و بەزکر و بەحاڵی دەروێشەوە
دەنگێ بەسێبەرت و دەنگێ بەهەتاوت دەدەم
گەرچی ئەی خاك
دەنگم دەنگی بڕوایەکە

لەودیو ڕەنگەکانی دەسەڵات و
لەودیو ماڵەکانی دەسەڵات و
لەودیو هەیبەتی ڕەنگەوە
لەو دیو گەندەڵی ڕەنگەوە
بەڵام , بەڵام دڵنیابە
شەنگەڕۆژی هەموو ڕەنگەکان لەقەڵەم دایە
بۆ تۆ
ژمارەی هەموو کۆستەکان
لەگلێنەی قەڵەم دایە
بۆ تۆ !
دەنگم
دەنگی مێژوو
دەنگم
تەپەی پێ ی ئاڵایەترە
بەسەربانی کۆماریّ ترەوە
دەنگم وژەی ناو قامیشەڵانە و
لەشکری شمشاڵی کەسکە !
دەنگم جۆشی
کورەی ئاسن گەرێکی خۆتانە
ئەی کوردستان
کورەیەك مەحشەری پاچ تەورو تەوراس !
دەنگم دەنگی شەوەکانی بەور و
قاقای شاخ و
هاژەی خوێنی ڕەقیبانە !
کەرنەڤاڵە و جەنگە و گرەو
ئادەی یاران
هەلهەلەیەك بۆ گەڕاننەوەی کەرکوك و
هەموو چاڵە نەوتەکانی وڵات لێ دەن
شاییە و چۆپی لەقەڵەم جوانە !
شاییە و ئاگر لەبەفر جوانە !
شاییە و سەما لە دار و
ناز لەجۆگەی عەیار جوانە !
دڵ لەدڵ نەدەی ئەی خاکی پەروانە و گوڵ
من وەکو خۆم
هەر ئەمشەو لەتوێشەبەرەی شاخە شوانی دابانێکدا
بەبزنە ڕێ ی هەڵەدن و یاخ سەمەردا
نان و قەن و
نان و دەنگ و
نان و بەڕەزای قەسیدەت بۆ دەنێرم !!
هەر ئەمشەو بەناو خوڕەمی هەسارەدا
لەسەر پشتی خێرا ترین
ئاسکە ڕووبار
نان و دەنگ و

نان و بروسكەت بۆ دەنێرم !!
بروسكەیەك لەكۆڵنەدانی ( بێ كەس ) و
بروسكەیەك لەخەنجەری بەر پشتوێنەی ( تاهیر بەگ ) و
بروسكەیەك گوڵ تەقەڵی بروسكەیەك
لەكڵاوی سەر ( قانع ) و
بروسكەیەك خەڵتان بەعەشقی ( نالی ) و
بروسكەیەك تەڕ بە مەلەی ( مەحوی )
لێ بروسكەیەك ئەی خاك
لەهەیوانی ( خانی ) و ( بۆتان ) وە
عیشق هەناری مەم و زین بێنێ !
بروسكەیەك لە ( هێمن ) ی ( مهاباد ) و سابڵاخەوە
عەشق ( قازی ) و ( كۆمار ) بێنێ !
بروسكەیەك لەئاگری ( دیار بەكر ) و ( ماردین ) ەوە
عیشق دەنگی بەورو دەنگی ( یەڵماز ) بێنێ
بروسكەیەك لە ( قامیشلی) و ( حەسەك ) ەوە
هەم عیشق وهەم ڕاپەرین و هزر بێنێ !!
لەدەروونی خۆشت ئەی خاك
دیسانەوە
لەڕەشەبای سلێمانی و
لەقەڵاتی پیرە شار و
لەهەڵەبجە و لەقەڵای گوڵ عومەرەوە
خوێن و گۆران ، خوێن و شەهید بێنێ !
كەرنەڤاڵە و جەنگە وگرەو
دەنگم دەنگی ڕۆژنامەیەكە لە ( باڕەش )
لەخانەی ئەشكەوتەكانەوە دەردەچێ !
دەنگم دەنگی
دورگەیەكە بەسەر شانی تۆفانەوە
مینا ماڵەكانی ناو كۆڵۆمبیا
سڵاوێ لەعیشقی نیشتمان دەكا !
سڵاو ئەی بەورەكەی شەڵاڵ بەخوێن
ئەی بەورەكەی پەلامار و سوێن
دەنگم
بۆ تۆ
ئاسكی باسك و دارستانی سەوزەڵەیە !
دەنگم
بۆ تۆ
پەڵە دەغڵی بەكەرویشكەی شارەزوور و
كوچەی بەسێبەری
هەورامانی چەرمەڵەیە !
كەرنەڤاڵە و جەنگە و گرەو
من ئەمێستا بازێكی دوو سەرم و
ڕێ یەكی دوو سەرم
سەرێكم پڕە لە متبوون و

سەرێکم پڕە لەماڵی کڵاو کوڕە نەگبەتەکان
سەرێکم پڕە لەگۆمی قەڵەم
گۆمی مێژوو
گۆمی کۆست و
گۆمی پایز !
بەڵام ئەی خاك دڵنیابە
پڕیش بین لەگۆمی مردن
وەك دارستان تەور مەلەمان تیا بکا
جارێکی تر
ئاسمان بەهەسارەوە گڕ بگرێ
بستێ لەتۆ ئاگر ناگرێ !
ئاو بەمەوج و ماسی یەوە
بەهەشت
بەهاری بسووتێ تۆ ناسووتێ ی !
جارێکی تر
گەر درەختی هەموو جەنگەڵە تارەکان
بەوری هەموو کیشوەرەکان , وەپێوەن چن
جارێکی تر تۆ پێوەن نابینیتەوە !
کەرنەڤاڵە و ئەمێستا من
بەهارم و سەنگەر لە پایز دەگرم
گوڵم و سەنگەر لەخوێن و خار ومار دەگرم
ئەمێستا من ئەی نیشتمان
( کێلستانم ) و بەڵام نازی ( گوڵستانم ) هەیە
( چۆڵستانم ) و بەڵام نازی ( گوڵستانم ) هەیە
هەر بۆیە ئەوێستاکەش من
شورایەکم لەنێو ئەمارەتی ژان و
فڕینێکم لەنێو خێلی ,
تەیرە کوژراوەکانی ئێوارە و
خوناوێکم لەشۆڕشی
خونچەکانی ناو سپیدە و
دەمە شێری سەکۆیەکم
گڵم ئاگر
ئاوم ئاگر !
سرودێکم , نرکە و ناڵەی قەڵەمێکم
لەودیو قەڵای مێردانەوە
تۆ تەواشا
چزەی چ ئاسنێکی تاو سەندووم لەنێو ئاوا
لەڕێ ی خاك و کەرنەڤاڵی تۆدا
چۆن وەستاوم
لە پشت شاخی پیرە شاخ و
لە پشت ئاوی پیرە زێ وە
لە پشت دارستانی سەربڕەوە
چۆن وەستاوم

لە پشت کێلستان و
لە پشت پایزی بادینانەوە
چۆن وەستاوم !
لەدووی ئەوان
لە پشت ئەوان دەنگم دووەم
دووەم دەنگم
بەخۆم و شاخی قەڵەم و
بەخۆم و بەیتی ئاگر و
بەخۆم و خەمی غوربەت و تاراوگەوە
دەنگم دەنگێکە تەنێ بۆ خاك
دەنگێ چی تر , گلك و قارچکی ڕووناکی
ژێر درەختەکانی تاریکی وڵات نەدزن !
دەنگێ چی تر , دەمی شکۆفەمان
بەگڕ و ژەهر نەئاخنن !
دەنگێ چی تر لەمەحشەری
گومان و ڕامان لامان دا
گومان لەدرەختی هەڵلەرزیوی جاران
گومان لەهەسارەی حەپەساوی جاران
گومان لەڕەوەزی واق وڕماوی جاران
دەنگێ چی تر لەمەحشەری
گومان و ڕامان لامان دا
گوومان لە ئەنفال و
گوومان لە هەڵەبجە و
گوومان لەحەشرو نەشری کۆڕەومان

بەفرانباری / 2005/ئەڵمانیا